**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە :٧١٦٦ لە ٢٠٢٣/٩/٢٥**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٣٢) لە یاسای کار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ و لە ژێر رۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمانداوە ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارەی کرێکاری بیانی**
**ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی **(١)**ی هەمواری یەکەمی **ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٢**، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ ئەو کرێکارە بیانییانەی کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هاتوونەتە هەرێم تا ڕێکەوتی **(٢٠٢٣/١٢/٣١)** بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان کاروبارەکانیان ڕێکدەخرێتەوە.

**ماددەی (٢) :**

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ، جێ بەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**